# کورد و گێژاوی خۆدیتنەوە!

فردیناند هێنربیشلری ئۆتریشی  بە سەرچاوە هێنانەوە لە نووسراوەکانی "سۆمێر"،  وشەی "کورد و کوردا"ی  وەک ناوێکی گشتی بۆ خەڵک  و "خەڵکانی" زاگرۆس و مێزۆپۆتامیا (ناوچۆمان، دیجلە و فورات) لە کتێبەکانیدا بەکار هێناوە.  بە پێی زانیارییەکانی ئەو و بەڵگەکانی کۆنینەناسی، مرۆڤناسی، فەرهەنگناسی، زماناسی و هەر وەها توێژینەوەکانی ژنێتیکی، کۆنترین مرۆڤی نیشتەجێی مێزۆپۆتامیا و ناوچەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس، ئەو خەڵکانە بوون کە بە" کورد و کوردا " ناسراون.

پێشینەی  نیشتەجێبوونی بنەچەکی "کورد/کوردا" بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە، بۆ بیست هەتا پەنجاهەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەرێتەوە، خەڵکانی تر لە هەزارەکانی زۆر دواتر، ڕوویان کردۆتە ئەم دەوەرە و هەروەها لەم دەوەرەوە بۆ شوێنی تر بۆ وێنە ئووروپا چوون. بەڵگەکان  کە زۆرتر لە دەیەکانی هەشتای سەدەی بیست بە هۆی بوونی ئیمکانی تۆژینەوە، لێکۆلینەوە و پشکنین هەتا ئێستا لە ڕێگای کتێب و فیلمی بەڵگەیی بڵاوکراونەتەوە، ئەوە دەسەلمێنن، کە شارستانیەت لەم مەڵبەندەوە سەری هەڵداوە و بەرەو شوێنی تر پەرەی ساندووە و بڵاو بۆتەوە!

کشت و کاڵ، ماڵداریی، گوند و شارسازکردن هەروەها یەکەمین بازاڕەکان و ئالوێریی و کڕین و فرۆشتن، فەرهەنگ و هونەر و نووسین، لێرەوە دەستی پێکردووە. یەکەمین نیشانەکانی نووسین کە لە سەر خشت نەخش کراون و مێژووی دوازدە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگێڕنەوە و لە موزەخانەی کامپیۆتێر لە شاری پادابۆڕن لە ئاڵمان لە لەوحێکدا بە بەڵگە هێندراوەتەوە، لەو شوێنە دۆزراوەتەوە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوایی کوردستانی ئەمڕۆ!

 نووسەری چێک  تۆماس سێدلاچک  لە گەڕان بە شوێن یەکەمین بنەماکانی تیجارەت و ئابووری هەمیسان ئەم ناوچەیە بە سەرەتا دەزانێت و بیری تیجاریی لە تەوراتی جوولەکەکاندا دەبینێتەوە، کە لە لایەنی بنەچەک و ڕەچەڵەک و شوێنی ژیان و مێژوو لە گەڵ کورد وئەرمەن یەک دەگرنەوە.

یەک لەو شوێنانە جگە لە دۆسلدۆرفی ئاڵمان، کە مرۆڤی نئاندرتاڵی لێدۆزراوەتەوە، ئەشکەوتی شانەدەرە، یەک لەو شارانەش کە بە کۆنترین شار و ناوەندی شارستانیەتی کۆن ناوی دەهێندرێ ئەربیل/هەولێری باشووری کوردستانە. باشووری کوردستان کە لە سەدەی شازدە بەولاوە وەک باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە لایەن  عوسمانلییەکانەوە داگیر کرا، تا ئەمسالانەی دوایە، بە دەگمەن دۆزینەوەی لێکراوە و لەم چەند ساڵەی دوایەی سەدەی بیست و یەک، لە لایەن چەند وڵاتەوە بە پێی ئەم بەڵگەفیلمە کە لینکەکەی لە خوارەوە هاتووە، کۆنینەناسان دەرفەتی هەڵکۆڵین و پشکنینیان بۆ ڕەخساوە و بەڵگەی نوێیان خستۆتە ڕوو بۆ سەلماندنی ژیان و شارستانیەتی کۆن لەو ناوچەیەی کوردستان، کە  کارەکانیان ئێستاش  بەردەوامە. ئاکامی پشکنینەکان گەلێک تێز و تئۆری سەدەکانی پێشوو باتڵ دەکەنەوە و باس لە نووسینەوەی نوێی مێژووی ئەم ناوچەیەی جیهان دەکرێ، کە دەوری سەرەکی لە پێشکەوتن و شارستانیەتی مرۆڤدا هەبووە.

بە پێی ئەو زانیاری و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنینانەی تازە بە تازە دەردەکەون و دەرکەوتوون، شک و گوومان دەکەوێتە  سەر ئەو باوەڕ و تێز و تئۆری و مێژوویەی سەبارەت بە کورد نووسراون و بڵاو کراونەتەوە.  گەر کورد کۆچەری سەردەمانی نزیکی  مێژوو نەبووبێ و زیاتر لە دوازدە هەزار ساڵ شارستانیەتی بە ناوییەوە کرابێ و بیست هەتا پەنجا هەزار ساڵ لە نیشتەجێبوونی تێپەڕبووبێ، تێز و تئۆری لکاندنی کورد بە فارس و ئارییایی و هاتنیان لە دەوەری  وڵگاوە بەرەو مێزۆپۆتامیا و زاگرۆس پووچەڵ دەبنەوە!

تاقیکردنەوەکانی ژنێتیکی کە لە لایەن ناوەندەکانی زانستی ئیسپانیا، ئیتالیا، ئاڵمان(ماکس- پلانک ئینستیتۆ)، بریتانیا، ئامریکا، ئیسرائیل، ئەرمەنستان لە چل و چەند ساڵی ڕابوردوو هەتا ئەم سالانەی دوایە کراون، ئەوە دەسەلمێنن سێ نەتەوەی ئەرمەن و کورد و جوو(مووسایی) یەک بنەچەک و ڕەچەڵەکیان هەیە و „ژن"ی هاوبەشیان لە ڕادەی سەرێ، ئەوان لە یەک گرێ دەدا.

 ئەم هاوبەشی ژەنەتیکی یە لە نێوان کورد بە هەموو لایەنەکانیەوە و فارسەکان نەدوازراوەتەوە و نزیکی زمانی کورد و فارس لە هەزار ساڵی ڕابووردو ڕووی داوە.  بە سەرنجدان بە مێژوو و چارەنووس  و شێوەی ژیان و هەڵسوکەوت و فەرهەنگی

کورد و ئەرمەن و جوو، دەردەکەوێ، وێکچوونیان لە جیاوازییەکانیان زۆرترە، کە ئەڵبەت لە میانەی تێپەڕینی هەزاران ساڵ، جیاوازی ئایینی، فەرهەنگی، زمانی نێوانیان قووڵتر بۆتەوە، کە ئەوە سیمای ئەمڕۆی کوردەکان لە گەڵ یەکتریش دەگرێتەوە، کە جیاوازی نێوانیان لە لایەنی ئایینی، زمانی و باوەڕی کۆمەڵایەتی زۆرتر بووە و سنووری سیاسی ئەم جیاوازییانەی قووڵتر کردۆتەوە..

پارسا و پارسوا، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٨٤٣ ی بەر لە زایین ناویان لە نووسراوەکانی ئاشووری هاتووە و شوێنی ئیلامییەکانیان گرتۆتەوە و ساڵی ٥٥٠ ی بەر لە زایین بە سەر مادەکاندا زاڵ بوون. پێشتر ئەوان ناویان لە مێزۆپۆتامیا و زاگرۆس نەبووە .

بە پێی بەڵگەکانی کتێبی "کوردستان و ئووروپا" لە مێژوونووسی سویسی هانس- لوکاس کیزەر، مێژوویی بە "پارسی و ئێرانیکردنی کورد لە لایەنی زمانییەوە لە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکردووە. کورد لە لایەنی زمانەوە پاڵی بە فارسەکانەوە داوە و لە لایەنی ئایینی زۆرینە پاڵیان بە ئایینی عەرەب و دەستەڵاتی عوسمانلی یەوە داوە، کە ئەوانیش ئایینی ئیسلامیان بۆ سەقامگیرکردنی دەستەڵات و کیانی خۆیان بەکار هێناوە و کوردیان لە ڕێگای ئایینەوە بۆ سەقامگیری کیانی خۆیان، دژ بە خەڵکانی تر بەکار هێناوە.

بەم هۆیە و هۆگەلی تر، کورد بە پێچەوانەی یۆنانی، بوڵغار، سرب و کرواتی و نەتەوەکانی باڵکان و ئەرمەن لە سەدەی نۆزدە نەیتوانی خۆی لە چنگ عوسمانلی ڕزگار بکات. نەتەوەکانی تر کە هەموویان زمان و ئایینی جیاواز لە تورکیان هەبوو، بە پاڵپشتی ئایین و زمانەکەیان، نەتەوەییبوونیان بە خۆیان بەخشی و سەربەخۆبوونیان لە ئیمپراتوری عوسمانی، بە پشتیوانی ئووروپییەکان مسۆگەر کرد .

کورد سەرەڕای ئەوەی یەکەم ڕێکخستنەکانی سیاسی و نەتەوەیی خۆی لە سەدەی نۆزدە لە ئەستانبول ساز کرد، بەڵام بە زۆر هۆ کە باسکردنیان لەم کورتە بابەتەدا ناگونجێ، بێ کیان و بێبەش و عەوداڵی ئازادی مایەوە، کە ئەم مێژووە ئێستاش درێژەی هەیە.

بەم پێیە تواندنەوەی کوردەکان لە ژێر دەستەڵاتی عوسمانلی و فارس و عەرەب لە سەردەمی مودێرن و سەرەتای سەدەی بیست و کۆتایی سەدەی نۆزدە، دەستی پێنەکردووە و کۆنتر و کۆنترە .

هەر بە پێی ئەم کورتە باسە کە لە داهاتودا هەرواتر دەکرێتەوە و بەڵگەکانی دەخرێتە ڕوو، کورد و فارس نە تەنیا یەک ڕەچەڵەک نین، بەڵکو زمان و فەرهەنگ و مۆسیقا و هونەریان یەک ناگرێتەوە و ئەو تێز و تئۆریانەی لە سەردەمی نوێ بە بێ بنەما هەڵبەستراون، هیچ بەڵگەیەک نیین بۆ لکاندنی کورد و پێکاتەکانی فەرهەنگی، هونەری، مێژوویی و ئیتنیکی بە فارسەوە.

بەشداری مرۆڤی کورد لە گەمەی خۆتوواندنەوە، یان خۆ هەڵواسین بە کیان و زمان و فەرهەنگ و هونەر و ئایین و سیاسەتی پارس و ئەوانی تر، درێژەپێدانە بە لە ژێرپێنانی ماف و کەسایەتی و کیانی خۆ و درێژەپێدانە بە کۆیلەتی هەمەلایەن، کە بۆ زۆرێک لە مرۆڤی کورد بۆتە پرۆسەیەکی ئاسایی. ڕەنگە تاکی کورد هەست بەو پرۆسەیە بکات، بەڵام ئەو هەستە بەرەو بیرلێکردنەوەی قووڵی هەمەلایەن و تێگەیشتنی یەکلاکەرەوە ناکێشرێ و تاکەکان لە پرۆسەیەکی عادەتی و خۆگونجاندن لە پرۆسەیەکدا کە ئاسایی دەنوێندرێ، بەرەو تواندنەوە دەکێشرێن. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ناو توێژی خوێندەوار لە هەموو ئاستێکدا بەرچاوە.

کورد تەنیا نەتەوەیە کە پڕ لە ترس و خۆف سەیری سنووری کەسایەتی، نەتەوەیی، زمانی، فەرهەنگی، هونەریی و کیانی خۆی دەکات و کەمترین حەول بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی دەدات و ئەوەش دەوری لە کەسایەتی و بیروبۆچوون و پرێنسیپەکانیدا هەیە. کورد هەتا سنوورەکانی خۆی لە پێناو مانەوەی بوونی خۆیدا، دیاری نەکات، کۆیلەی هەموو بوارەکان دەمێنێ. جیهانی ڕێئالی ئەمڕۆ لە سنوورەکان و ژیان و هاوکاری خاوەن سنوورەکان پێکهاتووە. کورد لەم بەستێنەدا هێشتا ئۆتۆپیایی دەجولێتەوە و ئۆتۆپیایی "بیر" دەکاتەوە، ئەوەش بە پێچەوانەی هەموو نەتەوەکانی دەوروبەریەتی!

برایم فەڕشی - ئۆکتۆبری 2020

**لەم نووسینەدا لە وشەی "کورد" کەڵک وەرگیراوە کە هەم ئاماژەیە بە ئاپۆرەی خەڵک و هەم ئاماژەیە بە هەموو ئەو کوردانەی لە بوارەکانی زانستی، سیاسی، فەرهەنگی، هونەری، کۆمەڵایەتی، مێدیا و هتد ... کار دەکەن

سەرچاوەکان:


Die Herkunft der Kurden, F. Hennerbichler ISBN 978-3-631-59327-1

Die für die Freiheit sterben, ISBN **978-3-95798-558-3**

Geiselbefreiung in Kurdistan ISBN **978-3704600554**

Kurdistan und Europa IBSN **978-3905312324**

Der Völkermord an den Armenien und die Shoha ISBN **978-3905312409**

Im Lande des Blutes und der Tränen ISBN 978-3905313062

https://www.arte.tv/de/videos/062897-000-A/kurdistan-schatzkammer-mesopotamiens/?teaser=true

Die Ökonomie von Gut und Böse Tomas Sedlacek ISBN-13 : 978-3446428232